# گەشەکردنی زبڵدانەکانی کەرکووک لە ماوەی ساڵێکدا
# نموونە شارە گەڕەکی "ڕەحیماوە "

## عەلی مەحموود محەمەد – بەشی یەکەم

حەزم دەکرد , ئارەزووم دەخواست لەم وتارە کورتەدا , باسی گەشەکردنی باری ئابووری و بنیات نانی شارۆچکەی پیشەسازی و دۆڵی سلیکۆن و دامەزراندنی دەزگای دارایی و بازاڕی پشك و دراوم لەم شارە خۆشەویستەم بکردایە , باسی پرۆژەی نەخلە و بورجی کەرکوك و یاریگای منداڵانی مۆدێرن و مەلەوانگەی سەرسوڕهێنەر و میوانخانەی ژێر ئاو و بۆرسەی گەورەی شارم بکردایا , باسی سەرکەوتویی شارەوانی و ئازایەتی کارگێڕی و بیمەی بێکاری و بە هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە کردنی ئەم شارەم بکردایە , نەك باسی زبڵدان و دەستە مافیا پیاوکوژەکانی کوردم لەم دەڤەرە بکردایە , کە چۆن تەنانەت دەست لە کارمەندانی ڕاگەیاندن و کچان و ژنانی کوردیش ناپارێزن , حەزم دەکرد باسی زیرەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و تێکۆشانی پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی ئەم شارەم بکردایە , کە چۆن بێ جیاوازیکردن بە یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان خێرو بەرەکەت دابەشدەکەن بەسەر هەمووان , نەك باسی دزی و تاڵان و بڕۆیانم بکردایا , حەزمدەکرد وێنەی ئەو گوندە هاوچەرخانەم بگرتایە لە بان ساڵەیی شاری خەونەکان بە لایەکیان ناگات بۆ جوتیاران ئاوەدان کراونەتەوە , وەك وەفادارییەك بۆ قوربانی و تێکۆشانیان , بێ ئەوەی خۆیان بە حیزب بفرۆشن , وەلێ یەك ماڵم شك نەبرد , حەزم دەکرد وێنەی شارێکم بگرتایە لە پاریس خۆشتربوایا , دەمویست ئەو مۆنمێنتە ببینم بۆ ئەنفالکراوانی کەرکوك لە بان مقان بنیاتنراوە , کە دەیانەوێت ئەویشی لێ بدزن , ئێسك و پروسکی قوربانیانیشیان بڕفێنن , ئەوانەو زۆر زۆری دیم بۆیان دەوێت , چونکە پەروەردەی ئەو شارەم , کەس و کاری ئەو خەڵکەم , ئارەزووم بوو هەموو گەڕەکەکانی شار لە یاقوت و گەوهەر و ئەڵماس تیشکدارتربونایا , چونکە هەمووم خۆش دەوێت بارچەیەکن لە دڵم , حەزم دەکرد لە بری ئەوەی بەناو چڵکاو و زبڵدان و پیسایدا ڕێم بکەم , هەموو شار باخ و گوڵزار بوایا , حەزم دەکرد زەوییەکانی گوندی شۆراوو و فیرعەوناوەکەی تەپە بۆ کەس و کاری شەهیدان بوایا , نەك تاڵانچیان بۆخۆیان داگیریان بکردایا .

ئازیزان پێم ناخۆشە سەرەتای ڕاپۆرتەکەم بە وێنەی خانووە تەجاوزەکەی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی ینك دەست پێ بکەم , کە ئومێد دەکرێت لە سەلەفەکەی بۆ ئەم شارە باشتر بێت , نامەویست بەوە دەست پێبکەم پارساڵ هاتوچۆ لە بەردەم ماڵیان ئازاد بوو , وەلی کە گەیشت بە کورسی ئەویش لایەکی ناوچەکەی یاساغکرد .

ئازیزان چاوم کوێر بوایا ئەم وێنانەم بۆتان نەگرتایە , باسی تاڵان و گەندەڵی و دواکەوتوویی کارگێڕی کوردەکانم بۆتان نەکردایا لەم شارە , باسی کوشتن و لاقەکردنی بەزۆری کچان و ژنان لە لایەن ئاسایشی کوردەوە لە دەمم دەرنەچوایا , باسی بوونی چەندین شێخ زانای ڕانەگەیەنراوتان لەمنەوە لەم شارە

نەبیستایە , باسی بێئۆمیدی و بێزاری تەنانەت کوردەکانیشتان لەم کارگێڕییە فاشیل و گەندەڵە لە منەوە بڵاونەبوایاتەوە , هەواڵی هەڵاتنی یاسای **140 و کوردستانی بوونی کەرکووکتان لە ڕێگەی منەوە نەژنەفتایە , ئەم وێنانەی گرتوومن , تەنها بەرهەمی چەند کاتژمێری ڕۆژنامەوانێکی ڕێگە پێنەدراوی بێئەزموونی ترسنۆکە , باشە دانیشتووانی ئەم شارە بۆ خۆیان ڕۆژانە چی دەبینن ؟؟؟ .**

**ڕۆژانە لە کەرکووکەوە زیاتر لە 1 ملیۆن بەرمیل نەوت بە فەرمی و مەگەر تەنها خواش قەبارەی نەوتی دزیاری بزانێت دەگاتە بەندەری جیهانی تورکیا , یاخود ئەوەی ڕۆژانە پێش پاڵاوتن لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشرێتەوە , لە ساڵێکدا داهاتی یەك ڕۆژی ئەم نەوتە بۆ شارەکە نەك دەسەڵاتدارانی بوایا , دەتوانرا لە ماوەی یەك ساڵدا , هەست بە گۆڕانکاری زیاتر لەم شارە بکردرایا , بۆ پاککردنەوەی زبڵدانەکان , هەموو دەم لەبەر زبڵدان سوتاندن لە شار نەورۆز نەبوایا , بۆ پاککردنەوەی هانا بۆ ڕێکخراوەی بیانی نەبردرایا .**

**دەروازەی شار گرنگە بۆ ناسینی خۆشی و ناخۆشی , پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر شارێك , بۆیە دەسەڵاتدارییەتی ژێری هەر شارێك بەوە دەناسرێتەوە , چەندە توانیوییەتی دەروازەیەکی وا پێشکەش بە میوانەکانی بکات , دەربڕی گەورەیی و دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی ئەو شارە بێت . با بزانین دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکانی پارساڵمان , چی بەسەر دەروازەی شاردا هات .**









**وێنەی ساڵی 2005**







**وێنەکانی ساڵی 2006**

**ئەوەی بینیتان ، دەروازەی شاری کەرکوك و شارەوانی ڕەحیماوەیە ، پار ساڵ پاش پیشاندانی ئەو وێنانە لە سایت و ڕۆژنامە و ڕۆژ تیڤییەوە ، شارەوانی کەرکوك بە پەلە چەند کارمەندێکی بۆ ئەو بەشەی شارەوانی دامەزراند کە یەکیان لە وێنەکە دەرکەوتووە ، ئەوەی لە وێنەکاندا دەیبینین لە گۆڕانکاری ، سەت خۆزگەم بەپار ، تەنها وشك بونەوەی گۆلی ئاوەکەیە ، ئەویش لەبەر وشکە ساڵی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، دەنا باقی هەموو لە جێگەی خۆیان ماون ، کورەی سوتاندنی زبڵدانەکەش گەورە بۆتەوە .**



**ساڵی 2005**




**هەمان شوێن لە ساڵی 2006**

**خوا خێری بێبارانی و داگیرکردنی زەوی و دروستکردنی خانی تەجاوز بنووسێت , گۆڕانی لەم جێگەیە دروستکردووە .**




جادەی ڕەحیماوە ئازادی ساڵی 2005 , یەکێك لە مونجزاتە هەرە گەورەکانی حکوومەتی هەولێر لە کەرکووك , لە پاڵ بەخشینی 10000 دۆلار بە ماڵە بە پارتی کراوەکانی بان ساڵەیی کەرکووك







**هەمان شوێن لە ساڵی 2006 , هێشتا تەواو نەبووە , هەڵدەقەنرێتەوە بۆ لێدانی زێراب , گرنگ پارە خواردنە بەناو ئاوەدانکردنەوەی کەرکوکەوە .**



یەکێك لە زبڵدانەکانی ڕەحیماوە لە ساڵی 2005






**هەمان زبڵدان لە ساڵی 2006**



**ساڵی 2005**










**هەمان شوێن  لە 2006**



**بازاڕی گەورەی  ڕەحیماوە لە 2005**




**هەمان شوێن لە 2006**






**هەمان بازاڕ لە 2005**



**هەمان بازاڕ لە 2006**




سالی 2005




سالی 2006



به دووری چەند کم ێك کەم لەم شوێنە , یەکێك لە بیرە نەوتە گەورەکانی جیهانی تێدایە , ئەو ڕیزەش لێرە بۆوەرگرتنی  نەوت گیراوە .

بە پێی زانیاریم ڕۆژانە 1 ملیۆن لیتر سوتەمەنی هاتووە بۆ کەرکوك , 75٪ی بەشی دزەکانی شار بووە , 25٪ بۆ زیاتر لە 1 ملیۆن هاوولاتی  شاری قودس و دڵی کوردستان بووە , ئەمەیە کارگێری سەرکەوتوو , بەم شێوەیە 3 مانگی دیکە کەرکوك دەگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان  , ئافەرین بلەو فەوجیٚ عەسکەر .